# باشووری کوردستان و سەنگی ڕایگشتی و تاک لای دەسەلات ... هیشام ئاکرەیی

karzan@spray. se



کۆمەڵگا و سیستەمی ڕەسمی کرایەوە، یەکێ لە خاڵە هەرە گرنگەگانی پەیادەکردنی دیموکراسین لە هەر کۆمەڵگایەکدا. ئەم شێوەیەی بەڕێوەبردن دەگەوێتە ناو درێژەکاریەکانی دروستبوونی سیستەمی دیموکراسیی کە کەسانی ئاسایی سوودی لێ وەردەگرن و مەرج نییە هەستی پێ بکەن بیناسن. کەواتە سیستەمی کرایەوە ماف و مەرجە نەك بەخشینێکە و پیاوچاکیەکە دەسەلات بە گەڵ و هاولاتیانی خۆی دەدات. دابین نەکردن و جیبەجێ نەکردنی ئەم تایبەتمەندیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا لادانە لە پرنسیپی دیموکراسی.

بەشێکی کۆمەڵگا وسیتەمی ڕەسمی کرایەوە، بەو مانایەدێت کە هەموو دیکومێنتەکانی دایرەکانی حکومی کرایەوەن و دەرگا ئاواڵەیە بۆ هەر کەسێك سەردانی هەر دائرەیەك بکات و ئەو بەڵگانەی کە دەیەوێت چاپ بکات و سوودی لێ وەربگرێت. بە گوێرەی هەمان سیستەم تەنیا لە ڕێگای دادگاوە دەتوانرێت هەندێ دیکومێنت بە نهێنی بمێنن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

لەبەر ئەم پرنسیپە، لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا پێویست ناکات هاولاتی پەنا بۆ ناسیاوی و واستەکاری ببات بۆ زانین یان دەستخستنی هەر زانیاریەك. چونکە هەموو دیکومینتەکان هەر لە قوتابخانەوە تاوەکوو بەڵگەکانی دادگا لەبەردەستی هەرکەسێك دان. (تەنیا لە هەندێ کێشە و حاڵەتی تایبەتدا کە بە بڕگەی یاسا دەستنیشان کراون، دیکومێنتەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نهێنین)

تاوەکوو چ ئاستێك هاولاتی مافی ئەوەی هەیە چاو بە دیکومێنتەکان و بە ڵگەنامەکانی گشتی بکەوێت بەهەمان ئاستیش تایبەتمەندیەکانی تاك دەپارێزرێن و کەس بۆی نییە شتێکی تایبەت بە مرۆڤێك بزانێت. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا هەر هاولاتیەك بە ئاسانی و بە تەلەفۆنێك دەتوانێت لە ژمارەی سەیارەوە بزانێت خاوەنەکەی کێیەو لە کۆی دەژێت. . . بەلام کەس بۆی نییە جگە لە خاوەنەکەی لەدوای جورنالی کەسێك لە خەستەخانە داوابکات، چونکە نەخۆشی شتێکی تایبەتە. . . . شاردنەوەی ناو و ئەدرسی خاوەن سەیارەیەك بە بڕیاری مەحکەمە دەبێت و ئاشکراکردنی جورناڵی کەسانێکی نەخۆشیش هەر بە مەحکەمە دەبێت. . کەواتە بە یاسا هەموو شتێك ڕێك دەخرێت. و ئەمەیەش کە پێی دەڵێن سەروەری یاسا.

لە باشووری کوردستان هێشتا هەموو شتێك شاراوەیە و کەس بۆی نییە بزانێت لە قوتابخانەیەك یان نەخۆشخانەیەك یان لە دائرەیەکی ئاو یان پۆلیس یان کەناڵێکی ڕاگەیاندن، چەند کارمەند هەن و چەند پارە دێت و دەڕوات و بودجەی هەر دائرەیەك چۆن

سەرف دەکرێت و هتد. . هەر بۆیەش ناتوانی باسی کۆمەڵگای کرایەوە بکەیت. کۆمەڵگایەك کە ئەرك و ماف بە حوکمی یاسا دەست نیشان دەکرێن و یاسا سەرووەرە لە سەرتانسەری وڵات و بۆ سەرۆك تاوەکوو منداڵێکی تازە لە دایك بوو.

بە یەکەوە گرێدانی کوردستان بە عێراقەوە، بارێکی تری خۆڵقاند و بیانۆیەکی نابەجێی داوەتە دەسەڵات لە باشووری کوردستان. نابەجێ بۆنەکە لەوەوە دێت کە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان هەرێمەکەیان کە 15 ساڵە ڕزگار و کار تیایدا دەکرێت، بە عێراقێکی پڕ لە تیرۆر و ڕۆخاو بەراورد دەکەن. .

دەسەڵاتدارانی کوردستان لە لایەکەوە دەڵێن کوردستان دەکەینە نموونە بۆ عێراق و لە حاڵەتێکی تریشدا کوردستان لە گەڵ عێراقدا بەراود دەکەن. ئەم بەراورد کردن و بانێك و دووهەوایە، لەوانەیە تا ماوەیەك خزمەتی دەسەڵات بکات و لە جێبەجێ نەکردنی یاسا و یموکراسی نەجاتیان بدات، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ پلانەکەیان سەرناکەوێت و چەند عێراق بەرەو هێمنی بڕوات ئەوەندە کوردستان وەك هەرێمێکی نادیموکرات دێتە پێش چاو و گرنگی خۆی لە دەست دەدەدات.

ڕای گشتی و ڕێزگرتن لەو ڕایە تایبەتمەندیەکی تری گۆمەڵگای دیموکراسین و چەند کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسی پێگەیشتوو بڕوات ئەوەندە مافەکانی تاك و ڕێز لە ڕای تاکیش دەگیرێت. بەو واتایە لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا و بەر ئەوەی دیموکراسی و پرنسیپەکانی دیموکراسی ببنە بەشێك لە داب و نەریتەکان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دەسەڵات و تاك، لەسەرەتادا ڕێز لە ڕای گشتی دەگیرێت. وەك ڕای پارتەکان و کۆمەڵەکان و ڕێکخراوەکان و هەتا عەشیرەتەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. .

هەنگاوی دووەمی پێگەیشتنی دیموکراسی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ڕێزلێنانە لە تاك و مافەکانی تاك. لەو قۆناغەدا پێویست ناکات تاك خۆی لە ناو دەسەتەیەك یان ڕێکخراوێك یان کۆمەڵەیەکدا یان عەشیرەتێکدا، حەشار بدات بۆ ئەوەی دەنگی بیستراو بێت یان ڕێز لێ بگیرێت، بەلکوو بە حوکمی یاسا هەڵسوکەوت لە گەڵ تاك دەکرێت و پەیوەست بوونی بە هەر لایەنێك یان نزیك بوونی لە هەر ڕێکخراوێك، لە ماف و سزا مەحروم ناکات. لەم قۆناغەدا نرخی تاك و ڕێزلێنان لە تاك دەبێتە بەشێك لە ژیانی سیاسی و یاسایی کۆمەڵگا.

ئەگەر بەم پێوەرەی سەرەوە هەوڵ بدەین ناسنامەی ئەو دیموکراسیەی لە باشووری کوردستان هەیە بناسین دەبینین، هێشتا ئێمە لە قوناغەکانی هەرە سەتایی دیموکراسیداین و هەولێکی باشیش دەدرێت بۆ ئەوەی بەرگێکی دیموکراسی بکرێتە بەر ئەو سیتەمەی لە باشووری کوردستاندا هەیە. . . .

هێشتا باشووری کوردستان گەلێ هەنگاوەی ماوە تاوەکوو بتوانین باسی دیمورکاسی بکەین، بەڵکوو کۆمەڵێ دەزگا دانراون بۆ ئەوەی نەهێڵن دیموکراسی بەرقەرار بێت. . لێرەدا باسی هەر سێ دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و یاسا و شێوەی پەیوەندی نێوانیان ناکرێت، کە ئەستوونی سەرەکی سیتەمی دیموکراسین هەروەها باسی وەرگرتنی دەسەڵات و شێوەی

دامەزراندنی دەسەڵاتیش ناكرێت. بەلكوو باسی سێ گۆشەیەك دەكرێت كە دەبێ لەسەرەتادا ئەو پرنسیپانە لە بەڕێوەبردندا بەرپابكرێن پاشان دەتوانین باسی دیموكراسی بكەین.

ئەو سێكۆشەیەش/كۆمەڵگای كرایەوە، ڕێزگرتن لە ڕای گشتی و ڕێزگرتن لە ڕای تاك. . . . . وەكوو وتمان، هێشتا كوردستان كۆمەڵگایەكی داخراوە و كەس بۆی نییە وەك ماف زانیاریەكی دەسكەوێت دەربارەی هیچ كێشەیەك یان شتێك، جگە لە دەسەڵاتێكی باڵاتر و نزیك لە جێگای بڕیار، . . هەوەها هێشتا تاك ناچارە بۆ پاراستنی مافەكانی خۆی و مانەوە، لەناو دەسەڵاتێك یان پارتێكدا خۆی بشارێتەوە و حەشار بدات تاوەكوو كارەكانی بەڕێوە باۆن یانیش بەرژەوەندیەكانی خۆی بپارێزێت یانیش وەك مرۆڤێك بمێنێت. كەواتە دوو بنەمای گرنگی دیموكراسی هێشتا لە باشووری كوردستاندا سەنگی نییە و پەیادە ناكرێن.

ئەوەی كە دەتوانین دانوسان لەسەری بكەین، ڕای گشتییە. . .
وەك دەزانرێت ڕای گشتی لەسەر چەند ئاستێكدا دەتوانرێت دابەش بكرێت. . ئەگەر دەنگی رێكخراوە مەدەنییەكان وەك ئەوانەی لە ئەوروپا بە ڕای گشتی دابنێین، ئەگەر ئەنجامەكانی دەزگاكانی ئامار بە پێوەر دابنێرێن بۆ گۆڕان و پیوانی ڕای گشتی، ئەگەر دەنگی چەند كەسانێك لە ڕادیۆیەكدا بە ڕای گشتی دابنرێت، ئەگەر خۆپێشاندانێكی 100 كەسی بە ڕای گشتی دابنرێت، ئەگەر كۆكردنەوەی 1000 ئیمزایەك بە ڕای گشتی دابنرێت و پێویست بكرێت وڵامیان بدرێتەوە وەك ئەوەی لە ئەوروپا دەكرێت، ئەوە دەتوانین بڵێین كە لە باشووری كوردستان ڕای گشتی لە شێوە سەرەتاییەكانیدا هەیە، بەڵام ئەو ڕایە ڕێزی لێ ناگیرێت و هیچ ئیعتبارێك بۆی ناكرێت.

ئەنتی دیموكراسی بوون لە باشووری كوردستاندا لە دەستوەردانی پارتە دەسەڵاتدارەكان و هەڵسوكەوتی دسەڵاتداراندا دیارە. بەو مانایە دسەڵات نەك هەوڵ دەدات كۆمەڵگا بەرەو دیموكراسیەت ببات و دەزگاكانی پێویست بۆ بونیادنانی دیموكراسی دروست بكات بەڵكوو، خودی دەسەڵات نایەڵێت دیموكراسی بەرپا ببێت. كەواتە ئێمە ناتوانین باسی دەسەڵاتێك بكەین كە باوەڕی بە دیموكراسی هەیە و پارێزەری دیموكراسییە. ئەو كاتە دەتوانین باسی باوەڕی بوون بە دیموكراسی بكەین، كاتێك بۆ تاكەكانی كۆمەڵگا هەبێت ڕەخنە لە دەسەڵات و پارتی دەسەڵاتدرا بگرن. . .

لە كوردستان بۆت هەیە بە ئارەزووی خۆی ڕەخنە لە دژبەرانی پارتی دەسەڵاتدرا بگریت و هەر كەسێك هەوڵ بدات دژی دەسەڵات قسەبكات یان چالاكیەك ئامادە بكات، ئەوە دووچاری هەموو جۆرە توند و تیژیەك دەبێت. . كەواتە دیموكراسی بە شێوە ئاساییەكەی خۆی لە كوردستاندا نییە. .

دەتوانرێت بوترێت كە هەر خودی دەسەڵاتە نایەڵێت ڕای گشتی لە كوردستاندا دروست ببێت، و هەر ئەویشە مافەكانی تاك دابین ناكات، بۆ ئەوەی تاك بەردەوام پێویستی بە دەسەڵاتی هەبێت بۆ دابینكردنی پێویستەیەكانی خۆی. بە هەمان شێوە لە بەر هەمان هۆش ڕێگا نادرێت ڕای گشتی دروست بێت. . . هەر كاتێك ڕای گشتی لە هەر كۆمەڵگایەكدا

دروست بوو، دەسەلأت دەبێتە خزمەتكاری ئەو ڕایە گشتییە و وای لێ دێت پارتی دەسەلأتدار بە گوێرەی ویستی بەرژەوەندی گەل كە لەگەڵ بەرژەوەندی نیشتیمانی یەكدەگرتەوە. هەروەها دیموكراسیش بەرقەرار دەبێت لەسەر ئاستی ئەو كۆمەڵگایە.

كاتێك دەسەلأت گوێ لە ڕای گشتی ناگرێت، مانای ئەوەیە كە ئەو دەسەلأتە نایەوێت ڕای گشتی دروست بێت و ببێتە هێزیكی بڕیاردەر لە كۆمەڵگا و ژیانی سیاسی هەرێمەكەدا.
نا تەندروستی باری دیموكراسی لە باشووری كوردستان لەوەوە دێت كە دەسەلأت وەك پارت و هێزی بەڕێوەبەر نایەوێت دیموكراسی بەرقەرار بێت، نەك تەنیا ئەوە بەڵكوو كۆمەڵێك ئاستەنگ و گرفت لە ڕێگای بەرپابوونی دیموركراسی لە باشووری كوردستاندا دادەنێت. . . .
نەبوونی دیموكراسی لەبەر پێنەكەیشتنی باری مێژووی و ئابووی و زانستی كومەڵگا شتێكە و ڕێگا نەدان بە دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگا شتێكی ترە. . .
كاتێك دەسەلأتداران دەڵێن كوردستان ئەوروپا نییە و ئێمە ناتوانین كوردستان لە گەڵ ئەوروپا بەراورد بكەین، ڕاست دەكەن. . بەلأم عەرەب وەتەنی ئەوە قسەیەكە ڕاستە لە پێناو شتێكی ناحەقدا. . . ئەو كاتە ئەم قسەیەی دەسەلأتداران ڕاست دەبێت، كە خۆیان هاوتەرییانە لەگەڵ یاساكانی پێشكەوتنی كۆمەڵگادا لە پێناو بەرپاكردنی دیموكراسی لە باشووری كوردستاندا خەبات بكەن. .
ئێستا لە كوردستان كۆمەڵێ دەزگای دژی دیموركراسی دانراون، هەر لە دستوەردانی لە ژیانی ڕێكخراوەكانی مەدەنی، وەك سەندیكاكانی قوتابیان و مامۆستایان و پارێزەران، تاوەكوو كۆمەڵەَ كوردیەكان و دەزگا مەدەنیەكان وەك قوتابخانە و خەستەخانە، تاوەكوو دادگا و دامەزارندنی دامودەزگای نهێنی لەناو خودی دەوڵەتدا، و تاوەكوو سانسۆری ڕاگەیاندن و گرتن و بێ سەروشوێن كردن. . تاوەكوو كڕینی قەڵەمەكانی نووسەران و بەرتیل خواردنیان چ بە پارە یان مەنسب ە پەلەو پایە. . ئەم شێوەیەی كاركردن و مامەڵەكردن لەگەڵ جەماوەر و دەزگاكانی مەدەنی و بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا نیشانەی ئەوەن كە هەولدانێك هەیە بۆ ڕاوەستان بە بەردەم دیموكراسیدا نەك بۆ بونیادنانی دیموركراسی. . .

كەواتە ڕێز نەگرتن لە ڕای كشتی لە باشووی كوردستان و نەبوونی ڕێز بۆ ڕای تاك و نەپاراستنی مافەكان بە حوكمی یاسا، شتێكی دروست كراوە و دەسەلأت بە هەزاران شێوە و هێز نایەڵێت لە كوردستاندا دروست بێت. . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە دەسەلأتدارانی كوردستان هەوڵ دەدەن باشووری كوردستان بەرەو دكتاتووریەتی سیاسی ببەن نەك بەرەو دیموكراسی.

بەگرێدانەوەی باشووری كوردستان بە عێراقەوە كە دەسەلأتداران دەستێكی بالأیان تیدا هەبوو، تاكرەوی لە كوردستان قەبری خۆی هەڵكۆڵی و یەكەم هەنكاوی ئەم كارە هەر چەندە لە لایەن پارتێكی عیلمانییەوە نەهات بەلأم دەبێ ئەوەش بزانرێت كە یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان ئەنسار و لئیسلام و هەتا كۆمەڵەی ئیسلامی نییە و دەتوانێت لە ڕێگای پەیوەندیەكانی خۆی لە گەڵ لایەنە ئیسیلامیەكانی عێراق و دادگای ئیتحادی عێراق گەلێ كێشە ببەنەوە و سنوورێك بۆ هەندێ دیاردە دابنێن ئەوە ئەگەر دەسەلأتداران هەوڵ نەدەن یەكگرتوو ڕازی بكەن. . بەلأم لە هەموو حاڵەتیكدا، ئەگەر تاوەكوو ئێستا گرتنی هەندێ كەس لە كوردستان بە ئاسانی تێپەڕببێت، ئەوە لە ماوەیەكی نزیكدا مەحكەمەی ئیتحادی

دروست دەکرێت، ئەو مەحکەمەیەی کە ڕوحم بە دسەڵاتی کوردستان نابات. . چەند دەسەڵاتدارانی کوردستان فشار بخەنە سەر تاکەکانی یەکگرتوو ئەوە یەکگرتووی ئیسلامی ناچار دەبێت دادی خۆی بۆ بەغدا ببات. . . ئەمەش هەرچەندە لە بەرژەوەندی ناوبانگی هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵام لەمەودوا و لەبەر ڕێز نەگرتن لە دیموکراسی یەکگرتووی ئیسلامی ناچار دەبێت لە بەغداوە بڕیار بۆ دەسەڵاتی کوردستان بێنێت. . . کەواتە دەسەڵاتی باشووری کوردستان یان دەبێت واز لە کردوە نادیموکراسیەکانی خۆی بێنێت یانیش ناچار دەکرێت لە ڕێگای بەغداوە واز لێیان بێنێت، هەر هیچ نەبێت بەرامبەر یەکگرتووی ئیسیلامی. . . نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە پارتە سیاسیەکان بەردەوام لە پێشبڕکێ دان، و لەبەر ئەوە باوەناکەم لەمەودوا یەکگرتوو هەڵەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان بشارتەوە، بۆ ئەوەی جەماوەر بۆ لای خۆیان ببەن. .

بەکورتی دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە باشووری کوردستان هێشتا ڕێز لە ڕای گشتی ناگرێت، هەرچەندە ئەو ڕاگشتیە لە قوناغە سەرەتایەکانی خۆیدایە. ڕای تاك هێشتا هیچ ڕێزێکی بۆی نییە و هەر ڕایەك ببێتە خاوەن هێز یان دەمگوت دەکرێت یانیش دەکرِدرێت. . ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پرنسیپە دیموکراسییە هێشتا جێگای خۆی لە ناو دەسەڵاتی باشووری کوردستاندا نەدۆویوەتەوە. . . . .